# ئەو گۆڕانەی ئێوە خوازیاریبوون، کار و ئامانجی ئەوان نەبوو و نییە و ناشبێت !

هەژێن
١٦ی فێبریوەری ٢٠١٤

یەکێك لە گرفتەکانی تاکی خۆشباوەڕ، تاکێك کە خاوەنی خۆهوشیاریی و سەربەخۆیی بیرکردنەوە و سەربەخۆیی کەسایەتی نییە، وەك پووش و گەڵای وەریو، بە ئاسانی ڕەشەبای ڕۆژگار لەتەك خۆیدا ڕاپێچیدەکات و بە ویستی باکانی ڕۆژگار، لە جێیەك کۆمادەبێت؛ ڕۆژگارێك لەبەردەم بارەگای (کاژێك) و ڕۆژاگارێك لەبەردەم (پدك) و ڕۆژگارێك لەبەردەم بارەگای (حشع) و ڕۆژگارێك لەبەردەم بارەگای (ڕزگاری) و ڕۆژگارێك لەبەردەم بارەگای (کۆڕەك) ڕۆژگارێك لەبەردەم بارەگای (ینك) و ڕۆژگارێك لەبەردەم بارەگای (ئاش) و ڕۆژگارێك لەبەردەم بارەگای ئیسلامییەکان [(حاکع) و (جا) و (یاکع) و (کاکع) و (ناکع) و (جاکع) و (اا) و (سەلەفی) و ... تد ] و ڕۆژگارێك لەبەردەم کۆمپانیای وشە و گردە دزراوەکەدا، بەڵام هیچ کات و تەنیا بۆ جارێکیش لەبەردەم ماڵی خۆی و لە نێو کۆڵان و گەڕەك و لە شوێنی کار و فەرمان و خوێندنی خۆیدا نا. هیچ کات لەپێناو خۆڕێکخستن و سەپاندنی داخوازییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیدا نا، بەڵکو هەردەم لەپێناو ساختەچییەتی ڕامیاریی ئەوانی دیکەدا، ئەوانەی کە هەردەم دەخوازن سواری شەپۆلی نارەزایەتییە ڕەواکانی ئەو و هاودەردەکانی ببن و وەك پەیژەیەك بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و پارلەمان و کەڵەکەکردنی سەرمایە و مشەخۆریی، بەکاریانبەرن ! بەداخەوە ئەوەیە تاکی نارازی و گۆرانخوازی کورد، کە لە هەموو سەردەمەکاندا چ لە شاخ و چ لە شاردا، هەردەم بەهۆی خۆشباوەڕییەوە پاشڕەوی "فی سبیل الله"ی ڕامیاران بووە.

هەڵبەتە لێرەدا نامەوێت و مەبەستیشم نییە، خۆم وەك سۆپەرمانێك لە دەرەوەی بازنەی بوونی ئەو تاکە بەدبەختانەدا وێنابکەم، بەپێچەوانەوە ڕۆژگارێك منیش لە تەمەنی هەرزەکاریی ڕامیارییمدا، پاشڕەویی یەك دووانێك لەو پارت و گروپانە [چەپەکانیان] بووم، بەڵام بە وانەوەرگرتن لە ئەزموونەکانی خۆم و ئەوانەی پێش خۆم، توانیوومە خۆم لە تەلیسمی ڕامیاریی ڕزگاربکەم و بەخۆم بیربکەمەوە، بەخۆم دیاردەکان هەڵسەنگێنم و ڕێگەنەدەم دەزگەکانی دەبەنگکردنی مرۆڤ [تەلەفزیۆن و میدیای دەسەڵات و پارتە ڕامیارییەکان]، ڕووداوەکانم بۆ شیبکەنەوە و بەرەو بەهەشتی ئاسمان و زەوی ڕێنوێنیم بکەن.

کەم نەبووین ئەوانەی کە لە ناهوشیاریمانەوە ڕۆژگارێك بووینە سووتەمەنی جەنگە نێوخۆییەکانی میلیشیاکانی ناسیونالیزمی کورد و گیان و ژیان و بوونی خۆمان کردە قوربانی بەدەسەڵاتگەیشتنی کۆمەڵێك دەسەڵاتخواز و مشەخۆر لەژێر دێوجامەی ڕزگاری نەتەوە و نیشتماندا و کۆمەڵێك سەرکوتگەرمان گۆڕین بە کۆمەڵێکی دیکە، بێجگە لە زەمینەسازیی بۆ پیادەبوونی نەخشەکانی داگیرکەران و وێرانکردنی زیاتر لە ٣ هەزار گوند و زیندانیبوون و لە سێدارەدانی هەزارانی دیکە و کوژرانی هەزارانی دیکە لە جەنگی نێوخۆیی ١٩٦٣تا ١٩٩٨، کیمیاکوژکردنی زیاتر لە ٥ هەزار کەس و ئەنفالکرانی نزیکەی ١٨٠ هەزار جوتیار و گوندنشینی ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی ڕژێمی داگیرکەر و کردنی کوردستان بە بەشێك لە جەنگی ماڵوێرانگەرانە و نارەوای عیراق-ئێران. هەر خۆشباوەڕیی تاکی ژێردەستی کورد بوو، کە ڕاپەڕینی وەك قۆچێك لەبەردەم چەقۆی حازرخۆرانی سفرەدڕ دانا و ئەو نەهامەتییەی بارهێنا، کە دوو دەمەیە، هەمان تاك دەرگیری دەستوپەنجەنەرمکردنە لەتەکیدا و لەوانەیە دیسانەوە چەند دەمەیەکی دیکەش ناچار بە قوربانیدانبین، تاوەکو بتوانین لە ڕاپەڕینێکی دیکەدا دەسەڵاتی بۆرجوازی کورد وەك دەسەڵاتی بۆرجوازی عەرەب [ڕژێمی بەعس] ڕابماڵێنەوە.

بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا، هیچ کات دەسەڵاتداران و مشەخۆران دەستەوئەژنۆ دانەنیشتوون و چاوەڕێ نەماونەتەوە و نامێننەوە، تا ئەو چەند دەمەیەش بگوزەرێت و مەرگی خۆیان ببینن. ئەوان هەر لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە هەرچی خۆفرۆش و بەکرێگیراو ی ڕژێمی داگیرکەری بەعس هەبوو، بەناوی "چەکداری شۆڕشگێڕەوە" بۆ سەرکوتی خەڵکی ڕاپەڕیوو ڕێکیانخستنەوە و بەریاندانەوە گیانی خەڵك. ئەو کات (نەوشیروان موستەفا) و هاوڕێکانی ئەندازیاری "شۆڕشگێڕکردنی" چەکدارەکانی بەعس و گفتوگۆ لەتەك بەعس

بوون، ئەو کات ئەوان لەلایەك ڕەشەکوژی ژنانیان بە پاساوی ناموسپەرستی کوردایەتی و ماریکاری لەتەك بەعس ڕەوادەبینی و ژنانیان بەبیانووی ماریکاری ڕژێمی بەعس ڕەشەکوژیدەکرد و لەلایەکی دیکەوە قرتێلەی "شۆڕشگێڕی"یان لە بەرۆکی پیاوانی ماریکاری بەعس و پێشلەشکرانی وێرانکردنی گوندەکان و کیمیاباران و ئەنفال دەدا! ئەو کات ئەوان تا ساڵی ٢٠٠٦، ماودەنگی بڕیاری سەرکوت و زیندانیکردن و کوشتن و لەسێدارەدانی لاوانی خۆنیشاندەری هەڵەبجە و ناوچەکانی دیکە بوون!

لەوانەیە تا ئێرە، خۆشباوەڕیی و ناهوشیاریی تاکی کورد، وێڕای ئەو هەمووە ئەزموونە، زۆر شایانی سەرکۆنە نەبێت، لەبەرئەوەی بوون و ستەمگەریی و کارە چەپەڵەکانی ڕژێمی بەعس، تا ڕادەیەك پاساو و ماندەر و تەشەپێدەری بوون. بەڵام کاتێك کە تاکی کورد، دەسەڵاتداریی و مشەخۆریی بۆرجوازی کورد دەبینێت و بە کردووەوە جیاوازنەبوونی لەتەك ڕژێمی بەعسدا بۆ دەردەکەوێت، ئیدی بێجگە لە خێڵگەراییبوون و شارچییەتی، هیچ بیانوو و پاساوێك نییە، کە بتوانێت داکۆکی لەوە بکات، ئەو تاکەی کە بە هەمان شێوەی سەردەمی بەعس لە خۆنیشاندندا تەقەی لێدەکرێت، تیرۆردەکرێت، ئاوارەدەکرێت و ماڵ و سەرپەنای دەستی بەسەردادەگیردرێت و لەسەر لایەنگریی لە لایەنێکی دیکە لەسەر کارەکەی لادەدرێت و گەڕانەوە و سەردانی کوردستانی لێ قەدەخەدەکرێت، سەرباری هەموو ئەوانە وەك ئەوەی کە لە مێژووی نیو سەدەی ڕابوردوودا نەژیابێت و ئاگادارنەبێت، زۆر بە خۆشباوەڕیی و خوێنساردییەوە، یەکێك لە ئەندازیارانی جەنگی نێوخۆ و تیرۆر و سەرکوت، دەکاتە شوانەی خۆی و بە دەنگدان دەیگەیێنێتە دەسەڵاتداریی و مشەخۆریی پاشایانەی دەسەڵاتدارانی بەر لە خۆی !

ئیدی ئەمە ئەوپەڕی داماوی و دەستەمۆبوونی تاکی کوردە لە لیتاوی ناسیونالیزم و دەسەڵات و دەوڵەتی خۆییدا، ماوکات ئەمە هەم شایستەی ئەو پەڕی بەزەییپێداهاتنەوەیە و هەم شایانی ڕەخنەلێگرن و سەرکۆنەکردنە، بەتایبەت لە کاتێکدا کە بە هاوار و ئاواتی گۆڕانخوازییەوە دوای جەلادانی خۆی دەکەوێت و هیوای ئایەندەییەکی ‌ ‌ختەوەریان پێوەگرێدەدات و چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکات، کە پێچەوانەی خەونی دەسەڵاتخوازانە و مشەخۆرانەیان، ئەو هەلپەرستانە بێن و ببنە بەدیهێنەری ئاواتەکانی خەڵکی ستەملێکراوی کورد !

هەڵبەتە لێرەدا نامەوێت تاکی ناهوشیاری کورد وەك تاکە بوونێك لە مێژوو و لە جیهاندا نیشانبدەم، بەداخەوە ئەوە تایبەتمەندی تاکی چەوساوە و ژێردەستی گشت جیهانە و لە وڵاتانی تۆپ-پێشکەوتووی پیشەسازی و تەکنەلۆجیدا، لیتاوەکە لەوە خەسترە و پاش زیاتر لە چەند سەدە مافی دەنگداتن بە دەسەڵاتخوازان و مشەخۆران و هەڵبژاردنی سەروەرانی خۆی، پاش سەدان ساڵ ئەزموون لەوەی کە هەڵبژرادنی پارلەمانی هیچ کات ئامراز و ڕێگەی گۆڕینی کۆمەڵگە و سیستەمەکە نادادوەرەکەی نییە و هەردەم پاش هەر دەنگدانێك، تاکی ژێردەستی خۆشباوەڕ تەنیا یەك کاری ئەنجامداوە، ئەویش سەندنەوەی مافی دەسەڵاتداری و مشەخۆرییە لە کۆمەڵێك ساختەچی ڕامیار و دانی بە کۆمەڵێکی دیکە لەوان ساختەچیتر، کە بەدیاریکراوی گەمەی دەستاودەستپێکردنی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیە لەلایەن ساختەچیانی ڕاستەوە بۆ چەپ و لە ساختەچییانی چەپەوە بۆ ڕاست، هیچی لە خۆشباوەڕیی و بەدبەختی تاکی کورد کەمتر نییە، کە لە دووی سەرۆکی باش و پارتی باش و ڕامیار'ی باش و پارەلەمان و پارلەمانتار'ی باشدا وێڵە و پاش ئەو هەمووە ئەزموونە مێژوویانەی مرۆڤایەتی، هێشتا نەیتوانیوە ئەوە دەرکبکات، کە گرفت لە ڕوخساری کەسەکان و ناوی پارت و لیستەکاندا نییە، بەڵکو گرفت لە خودی پێکهاتەی سیستەمە ڕامیارییەکە و میکانیزمەکانی ڕێکخستنیایەتی و دەسەڵاتی سەرووخەڵکی بەدەست هەر کەسێکەوە بێت، تەنیا یەك ئەرکی هەیە، ئەویش پاسەوانی و پاراستنی دزییە، پاسەوانی و دابینکردنی مشەخۆریی چینێك و دەستەبژێرانێکی دیاریکراوە، ئیدی ئەوە هیچ لە ناوەڕۆکی ئەو دزییە ناگۆڕێت؛ من سەرۆك و دەسەڵاتداربم یا تۆ و ئەوانی دیکە، چونکە پێناوێك کە سیستەم و سەروەریی چینایەتی لەپێناودا هاتووەتە بوون، دزی و مشەخۆرییە بەسەر سامان و داهاتی کۆمەڵگە و داگیرکردنی ڕەنجی چین و توێژە ژێردەستەکانی خوارەوەیە !

بەپێچەوانەوە دەمەوێت ئەوە نیشانبدەم، گۆڕانێك کە تاکی خۆشباوەڕ و پاشڕەوی ڕامیاران دەیخوازێت، هەمان گۆڕ ‌ نییە، کە دەسەڵاتخواز و مشەخۆرێك دەیخوازێت. بۆ نموونە لە هەنگاوی یەکەمدا خەڵکی بەگشتی خوازیاری دابینکردنی کۆمەکە کۆمەڵایەتی

و بیمە دەرمانی و چاکسازی و نۆژەنکردنەوەی سیستەمی خوێندن و پەروەرە و یاساکانی کار و نیشتەجێبوون و مسۆگەری ئازادییە تاکەکەسیی و گشتییەکان و بوونی دادپەروەریی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی لە بەهرەمەندیی و ڕێکخستنی کاروبارەکانی کۆمەڵگە و بەڕێوەبردنییەتی. بەڵام لەبەرئەوەی کە لە پرۆسێسێکی مێژوویدا بڕوابەخۆبوون و پشتبەستن بەخۆ و هاوپشتی و هەرەوەزیی کۆمەڵایەتی، کە جاران پشتییان پێبەستراوە، لەودا [لە تاکی ژێرەست و نەدارادا] لەنێوبراون و لاوازکراون و خۆی کراوەتە پاشگر و تاك و ئەندامی ناچالاك و نائومێد، تا ئاستی ئەوەی کە خۆی بە دەنگێك و ئامرازی بەسەروەرکردنی کەسانی دیکە دابەزێنراوە و دەبینێت، هەموو مێژێك لە دەرەوەی خۆی بە دیاریگەری چارەنووسی خۆی دەزانێت و ئامادەیە ملی هاوکار و هاوسێ و هاوپۆل و هاوڕێ و هاودەم و هاوسەر و هاوحەز و هاوڕەگەز هاودەردانی خۆی، لەپێناو بەختەوەربوون و بەدەسەڵاتگەییشتن و مشەخۆربوون و کەڵەگابوونی کۆمەڵێك ساختەچی ڕامیاردا، بشکێنێت و تیرۆری جەستەیی و هۆشی و ئاوەزییان بکات !

من بەپێچەوانەوەی تاکی خۆشباوەڕ و ناهوشیار و پاشکۆوە، هیچ لادانێك لە هەڵوێست و لە مەبەست و لە بەڵێن و لە بەرنامە و لە ستراتیجی لیستی بەناو "گۆڕان" و سەرۆك و سەرکردایەتییەکەی و ئەندامپارلەمانەکانیدا نابینم و پێشتر هەمان بۆچوونی ئێستام هەمووە و لەساڵی ١٩٩١یشدا هەمان هەڵوێست و هەڵسەنگاندنم بەرامبەر بە دەسەڵاتی بۆرجوازی کورد هەبووە و کاتێکیش کە ساڵی ١٩٩٢ لە زیندانی ئەو دەسەڵاتەدا شانازی ئازادیخوازبوونم پێبڕدرا، لە پشت دەرگەکانی زیندانی دەسەڵاتدارانی کوردزمانەوە دەمگوت "ئەوەی بۆ دەسەڵاتی بۆرجوازییانەی بەعس و چلکاوخۆرەکانی تەواونەکرا، دەسەڵاتدارانی بۆرجوازی کورد دەیگەیێننە لوتکە، ئاوەدانکردنەوەی زیندانەکان و گرتنی ئێمە سەرەتای کارە، دێمۆکراتی پارلەمانی و دیکتاتۆری جەنەراڵەکان، دوو دیوی یەك دراون ". هەروا کاتێك کە ئێمە سۆشیالیستخوازەکان ئەوەمان دەگوت، هێشتا جەنگی نێوخۆیی باڵەکانی بۆرجوازی کورد ڕووینەدابوو، هێشتا ڕژێمی بۆرجوازی بەعس نەڕووخابوو، هێشتا تەقە لە خۆپیشاندەرانی هەڵەبجە نەکرابوو، هێشتا ژورنالیستان تیرۆرنەکرابوون، هێشتا گەندەڵی ڕامیاریی و ئابووریی، کۆمەڵایەتیی نەکرابوونەوە، هێشتا (ینك) و تاڵەبانی ناچارنەبووبوون ١٠ ملیۆن دۆلار بە دەستە ئاسنینەکەی نێو سەرکردایەتی خۆیان [نەوشیروان موستەفا] بدەن، تاوەکو نارازاییانی ژێردەسەڵاتییان لەخشتەبەرێت، هێشتا "جەلالی' و "مەلایی" [ بەکوشتدەرانی هەزاران ڕۆڵەی کرێکار و زەحمەتکێشی کورد لەژێر دێوجامەی ڕزگاری] پەیمانی ستراتیجیان نەبەستبوو، هێشتا نەوشیروان'ی چەپ و ئیسلامییە خەلیفەخوازەکان پەیمانی ستراتیجیان بەیەك نەدابوو، هێشتا و هێشتا و هێشتا تاکی کورد، پاش ئەو هەموو تاوانانە، بڕیاری هەڵبژاردنی خراپ لە خراپتری نەدابوو. ئەو کات بۆ کەمینەی سۆشیالیستخوازەکانی کوردستان، ئەم بەدبەختییانەی ئێستا ڕۆشن بوون و دەمانزانی ئەگەر تاکی کورد لە ئەزموونی گەلانی ناوچەکە و جیهان وانەی خەبات وەرنەگرێت، سەری لە پاشکۆیی و خولانەوە لە بازنەی بۆشی خۆشباوەڕیی بە خوشك و برایەتی چەوساوە و چەوسێنەری کوردزماندا دەسووڕێتەوە، لەسەر گۆڕانێك خۆی بەکوشتدەدات، کە گۆڕانخوازیی ئەو نییە، لەسەر بەرنامە و لیست و ستراتیجی لیستێك ئامادەی تیرۆر و سەرکوتی هاوسێکەیەتی، کە هی ئەو نییە !

بەڵێ پاش ٢٣ ساڵ دەسەڵاتداریی پێشرەوانی بۆرجوازی کورد و پاش حەوت ساڵ چاوەڕوانمانەوە و خۆشباوەڕیی بە فرێنی وشترەوە، تازە بە تازەکی تاکی کورد خەریکە دادەچڵێت. بەڵام بەداخەوە بەدەم ورێنەکردن بە کۆمەڵێك دەستەواژەی ڕامیارییەوە، کە هیوا بەخۆی دەدات و لە دووی دۆزینەوەی سوارچاکێکە بۆ بەدیهێنانی خەون و ئاوات و داخوازییەکانی، وەك ئەوەی بەخۆی لە هەموو توانایییەکی مرۆیی خاڵیبێت !

ئایا بەڕاست نەوشیروان و لیستەکەی و پارتەکەی و پاشڕەوەکانی دژەخونییان لە خەڵك کردووە و بەڵێنی خۆیان شکاندووە و نەبردووەتەسەر، یا ئەوە خودی خەڵك و تاکی ژێردەستە، کە خۆی لە خۆشباوەڕیی و لەخشتەبراویی و فریوخواردندا دەستەمۆکردووە و نایەوێت دەستبەرداری خۆشباوەڕیی بە "دەوڵەتی نەتەوەیی" و "دەسەڵاتی خۆیی"، "سەرۆکی باش" و ترۆماتگەلی دیکە ببێت. ئایا نەوشیروان و لیستەکەی هیچ کات پاگەندەی ئەوەیانکردووە، کە بەر بە تایبەتییکردنەوەی کەرتەکانی پیشەسازی و خزمەتگوزاریی و خوێندن و پەروەردە دەکرن؟ ئایا پاگەندەی ئەوەیان کردووە، دژی وابەستەیی هەرێم بە نێوەندە جیهانخۆرەکانی وەك سندووقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی دەبن؟ ئایا ئەوان پاگەندەی هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی قوچکەیی دەسەڵات و دەسەڵاتی

سەرووخەڵکییان کردووە؟ ئایا ئەوان بەڵێنی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و وەگەڕخستنەوەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و خۆرزگارکردن لە وابەستەیی بازاری دەرەکی داوە؟ ئایا ئەوان پاگەندەی یەکسانی ئابووریی وەك بنەماو و میکانیزمی یەکسانی دەسەڵاتی گشت تاکەکانیان کردووە؟ ئایا ئەوان پاگەندەی هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵات و بەڕێوەبەرایەتی پارتایەتییان کردووە؟ ئایا ئەوان پاگەندەی جێگرتنەوەی دیمۆکراتی پارلەمانی بە دیمۆکراتی ڕاستەوخۆ [گەلیی]یان کردووە؟ ئایا ئەوان پاگەندەی گێڕانەوەی داهات و دارایی هەموو کۆمپانییە پارتییە [حزبییە]کان بە کۆمپانییاکەی خۆشیانەوە [کۆمپانیای وشە] کردووە؟ ئایا ئەوان پاگەندەی لێپرسینەوە و دادگاییکردنی دەسەندکارانی جەنگە نێوخۆییەکانی ١٩٦٣-١٩٩٨نێوخۆیان کردووە؟ ئایا ئەوان پاگەندی دادگاییکردنی باندە مافیاییەکانی دەسەڵات و گروپە تیرۆریستییەکانیان کردووە؟ ئایا ئەوان پاگەندەی بەرگرتن بە هاوار و هەڕەشەی تیرۆریستانەی مەلاکان لە مینبەرەکانی مزگەوتەکانەوە، کردووە؟ ئایا ئەوان پاگەندەی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی سەربازیی و پۆلیسیی سەرووخەڵکیان کردووە؟ ئایا ئەوان پاگەندەی دابینکردنی دایەنگە و باخچەی ساوایانی خۆڕاییان بۆ منداڵان کردووە ؟ ئایا ئەوان پاگەندەی دابینکردنی باس و هاتووچۆی خۆڕاییان بۆ فێریاران کردووە ؟ ئایا ئەوان پاگەندەی ژەمەخواردن و پەرتووك و تێنووس و

پێنووسی خۆڕایی و بەشی نێوخۆییان بۆ فێریاران کردووە؟ ئایا ئەوان پاگەندەی مسۆگەرکردن و پەسەندکردن و سەپاندنی ئازادی ڕێکخستن و خۆنیشاندان و مانگرتنیان بۆ کرێکاران و فەرمانبەران و خوێندکاران و خانەنشینان؟ ئایا ئەوان پاگەندەی دابینکردنی پشتیوانی و بیمە کۆمەڵایەتییەکانیان کردووە؟ ئایا ئەوان پاگەندەی هیچ شتێکی ئاوایان کردووە، کە پێچەوانەی سیستەمی ئێستا بێت و دەسەڵاتدارانی ئێستا نەیانکردبێت ؟!!!!!

ئەگەر وەڵامی هەموو پرسیارانەی سەرەوە، کە بە گۆڕانی بنچینەیی سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگەوە پەیوەستن، نا و نەخێر بێت، ئیدی تاك و جەماوەی ژێردەست، ڕەدووی چی کەوتوون؟ ئەی ئەو گۆڕانانەی کە بڕیارە لیستەکەی نەوشیروان و بانگەدرانی دەخوازن بە هاوپەیمانی ئیسلامی و ڕێککەوتن لەتەك "پارتی"دا بۆ خەڵك و دەنگدەرانیان ئەنجامبدەن، کامانەن ؟

بە بۆچوونی من، گرێکوێرەی پرسەکە لەوەدایە، کە تاکی خۆشباوەڕیی کورد ناڕازییەکی سەرلێشێواوی ناهوشیارە و بەخۆی نازانێت چی دەوێت. بەڵام لە بەرامبەردا ڕامیاران و سەرانی لیستەکەی نەوشیروان و دانیشتووانی گردە دزراوەکە و پارت و گروپە دەسەڵاتخوازەکانی دیکە زۆر بە ڕۆشنی دەزانن، کە چییان دەوێت و خەریکی چین؛ ئەوان دەسەڵات و مشەخۆرییان دەوێت، ئەوا خانەنشینی پاشایانەی پاش چوار ساڵی پەرلەمانتارییان دەوێت، ئەوان خوازیاریی ریفۆرمی زیاترن لە قازانجی بازارئازادەکەی نیئۆلیبرالیزم و مسۆگەرکردنی بەرژەوەندی دەوڵەتانی هاوبەرژەوەندییان لە هەرێمی کوردستاندا دەوێت و کۆشش بۆ باشتر جێخستنی نەخشە ڕامیاریی و ئابوورییەکانی نیئۆلیبرالیزم و تایبەتییکردنەوەی سەراپای ژێرخانی کۆمەڵ ، تێکدانی بنەما هەرەوەزیی و هاوپشتییە کۆمەڵایەتییەکانن و لە بەرامبەردا لایەنگریی هەموو پێکهاتە و ڕێکخستنێکی قووچکەیی و سەروەرانە دەکەن و تەنانەت بەڕادەیەك پێداگریی لەسەر ڕێکخستنی باڵادەستانەی چین و کەسایەتییە داراکان دەکەن، کە بنکەی گردەکەیان دەکەنە دیواخانی سەرۆکخێڵ و پیاوانی ئایینی و کۆکردنەوەی مرۆڤکوژەکانی جەنگی نێوخۆی نێوان "جەلالی" و "مەلایی" و لایەنەکانی دیکە ١٩٦٣ - ١٩٩٨ و دواتیرش نێوان ناسیونالیستەکان و ئیسلامییەکان تا ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس.

کەچی لە کاتێکدا کە لیستەکە بە خەونە دەسەڵاتخوازانەکەی گەیيشتووە و خەریکی ڕێکەوتنە لەتەك دەسەڵاتدارانی براوەتر لەسەر داواکردنی بەشێك لە دەسەڵات بەپێی هەژماری دەنگەکان، کەسانێك کە هێشتا نەیانتوانیوە لەوە تێبگەن، کە گۆڕانخوازیی و گۆڕانێك کە چین و توێژە ژێردەستەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە دەیخوازن و خەونی پێوەدەبینن، هەمان گۆڕانخوازیی و گۆڕانێك نییە کە دەستەبژێری ڕامیار و پارتەکان و دەسەڵاتخوازان و مشەخۆران دەیخوازن، نییە و بەتەواوی دژی یەکدی و لە بەرامبەر یەکدیدا دەوەستنەوە، ژێردەستان خوازیاری باشترکردنی ڕێوشوێنی ئابووریی و کۆمەڵایەتییانن تا دەگاتە ئاستی یەکسانی هەمەلایەنە، بەڵام لە بەرامبەردا ڕامیاران خوازایاری زیاترکردنی دەسەڵات و مشەخۆریی خۆیانن لە داهات و بەڕێوەبردندا. لەبەرئەوە سەرکەوتنی هەر لایەك لە بەرە دژ-بەیەکەکانی گۆڕانخوازیی بە لەنێوچوون و ژێرکەوتنی ئەوی دیکەیانەوە پەیوەستە. بەو جۆرە سەروەریی کەمینەیەك بەسەر زۆرینەی کۆمەڵگەدا، کە لەسەر بنەمای مشەخۆری و کۆبوونەوەی سامان و داهات و ڕەنجی چین و توێژە بەرهەمهێنەرەکان

ڕادەوەستێت، بەتەواوی دژی یەکسانی دەسەڵاتی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەیە، کە بە یەکسانی ئابووریی پشتئەستورە و یەکسانی کۆمەڵایەتیی دەستەبەردەکات! سەربەخۆیی ئابووریی بە پشتبەستن بە کشتکاریی و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و پەرەدان بە کشتوکاریی و دروستکردنی کارخانە و پیشەسازییکدنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و سوودوەرگرتن لە هەڵکەوتەی جوگرافی و سامانی ئاوی بۆ بەرەمهێنانی وزەی پێویست، بەتەواوی لە دژی وابەستەبوونی بازاری هەرێمە بە بەرهەمە کشتوکاڵیی و پیشەسازییەکانی وڵاتانی ناوچەکە و دەوڵەتانی زلهێزەوە، کە لیستی بەناو "گۆڕان" زیاتر لە دەسەڵاتدارانی پێش خۆی پێداگریی لەسەر یەکییکردن و جووتکردنی ڕەوتی گەشەی کۆمەڵگە لەتەك ڕەوتی جیهانگریی و جیهانخۆریی بازارئازادی نیئۆلیبرالیزم لە ناوچەکەدا دەکات، کە بە لەشکرکێشیی و بەرتەریدان و مەیدانسازیی بۆ کۆمپانییەکان خۆی جیگیرکردووە و دەکات.

بەم جۆرە، ئەگەر هەوڵبدەین وەڵامی یەك بە یەکی ئەو پرسیارانەی سەرەوە بدەینەوە و لەتەك ئامانج و بەرنامە و ستراتیجی لیستەکەی نەوشیروان [نیئۆجەلالییەکان] بەراوردیانبکەین، دەبینین، ئەو گۆڕانەی کە ئەوان دەیخوازن و لە پێناویدا تێدەکۆشن، بەتەواوی لە بەرامبەر و لە دژی خواست و ئامانجەکانی خەڵکی بەشمەینەت و گۆڕانێکە کە چین و توێژە ژێردەستەکان خەونی پێوەدەبینن و لە ناموشیارییدا لەپێناو بەدیهێنانیدا دەنگ بەم لیست و بەو لیست دەدەن و سەرکوتگەر و سەروەر و مشەخۆری ڕەنجی خۆیان بە دەسەڵات دەگەیێنن، تەواو ناکۆك و جیاوازن. لەبەرئەوە زۆر نابەجێ و نادروستە کە گلەیی لە دەسەڵا خوازان بکەین و داوای ئەنجامدانی شتێکیان لێبکەین، کە نە دەیخوازن و نە ئامانجیانە و نە بەڵێنیشیانداوە، بەڵکو ئەوە ناموشیاریی و نارۆشنی تاکی ژێردەستە، ئەو تاکە بەوە خۆشباوەڕدەکات، کە قسەکەرانی چین و توێژێکی دەسەڵاتخواز و مشەخۆر و هەلپەرست و خۆسەپێنەر، بە نوێنەری خۆی بزانێت و دەنگی پێبدات و لەسەر بەدەسەڵاتگەیشتنی ئەو خۆی بە کوشتبنبدات. سەرەنجام ئەوانەی کە لە هەڵوێست و بەرنامە و چالاکی و گفتوگۆکانی نەوشیروان و سەرکردایەتی پارتەکەی و پارلەمانتارەکانی ناڕازین و هەست بە خەڵەتاوی خۆیان دەکەن، بەڵام هەست بە هەڵە و هەڵبژێری خۆیان ناکەن، بێجگە لە سێ هەڵبژێر زیاتریان لەبەردەمدا نییە و نەماوەتەوە، کە ئەمانەن و لە ئاسانەکەیانەوە بۆ سەخت و خەباتکارانەکەیان ڕیزیان دەکەم؛

یەکەم، گەڕانەوە بۆ باوەشی پارت و دەسەڵاتدارانی پێشین ... .

دووەم، بەردەوامبمانەوە لەسەر خۆشباوەڕیی و خۆدانەدەستی ڕێکەوت و چاوەڕوانمانەوەی دەرکەوتنی هەرچی زیاتری ناکۆکییەکان و شەقی زەمانە ... .

سێیەم، کە لە سەراپای مێژوودا تاکە هەڵبژێری چارەنووسسازی ژێردەستان بووە، ئەویش گەڕانەوە بۆ نێوەندی خەباتی جەماوەری سەربەخۆ، خەباتێك کە لەسەر سەبەخۆیی تاك، واتە خۆبیرکردنەوە و خۆبڕیاردان و خۆجێبەجێکردن، کە ئەمەش لە گشتیدا دەکاتە خۆبیرکردنەوە و خۆبڕیاردان و خۆجێبەجێکردنی کۆمەڵ یا هەموو ژێردەستانی کۆمەڵگە، کە نوێنەرایەتی کۆمەڵێك ساختەچی ڕامیار و پارلەمانتارانی بەرتەری و خانەنشینیخواز و پارتەکان و سەراپای دەوڵەتیش وەك دەزگەی چینایەتی دەخاتە ژێر پرسیار و وەك دومەڵی سەر جەستەی کۆمەڵگە نیشانیاندەدات.

لە کۆتاییدا دەخوازم بپرسم؛ ئایا خۆدەستبەکاربوونی هەمووان کاراتر و باشترە یا چاوەڕوانمانەوە و خۆشباوەڕیی بە کەسانی دیکە؟ ئەگەر وەڵام هەڵبژاردنی یەکەم بێت، ئەوا دەستبەکاربوونی هەموانییە بۆ پێکهێنانی ئەنجومەن و گروپە خۆجێیی و ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکان بۆ بەبنەماکردنی دیمۆکراسی ڕاستەوخۆ و سەندنەوەی دەسەڵات و داهاتی کۆمەڵگە لە دەوڵەت و فەرمانداریی بۆرجوازی و پارت و ڕامیاران، بۆ کۆمەڵایەتییکردنەوەی کەرتەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاریی و ئابووری هەرەوەزیی و خۆبەڕێوەبردنی گەلییانەی کۆمەڵگە .